KOREK

کوردێک دەبێتە باشترین یاریزانی جامی جیهانی لاوانی یانەکان..

# "شانازییە وەک کوردێک ببمە باشترینی مۆندیال"



رووداوی وەرزشی - سویسرا

لە جامی جیهانی لاوانی یانەکان، یانەی گراسهۆپەری سویسری نازناوەکە دەباتەوەو یاریزانێکی کوردی ئەو یانەیەش بە باشترین یاریزانی مۆندیالەکە دەستنیشان دەکرێت. ئەو یاریزانە لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بۆ من شانازییەکی گەورەیە وەک کوردێک ببمە باشترینی مۆندیال». شێرکۆ کەریم، یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق، رابەرایەتی یانەی گراسهۆپەری سویسری کرد بۆ بردنەوەی نازناوی پاڵەوانیەتی جامی جیهانی لاوانی یانەکان، کە بە بەشداری 10 یانەی جیهان لە سویسرا ئەنجامدرا. یاری کۆتایی لەنێوان هەردوو یانەی گراسهۆپەری سویسری و وێستهام یونایتدی ئینگلیزی بەڕێوەچوو، ئەنجامەکە بە 2 گۆڵی بێبەرامبەر بۆ یانە سویسرییەکە کۆتاییهات، کە یەکێک لەو دوو گۆڵە لەلایەن شێرکۆوە تۆمارکراو دواتر بە باشترین یاریزانی پاڵەوانیەتییەکەش دەستنیشانکرا.

شێرکۆ کەریم، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (رووداوی وەرزشی) گوت «هەست بە خۆشی و شانازییەکی گەورە دەکەم، کە وەک کوردێک بوومەتە باشترین یاریزانی جامی جیهانی. هەستدەکەم دەگەمە ئاستی بەرزتر». هەروەها گوتیشی «لە سویسرا زۆر بایەخ بە تۆپی پێ دەدرێت، هەوڵدەدەم ئەو بارودۆخە بقۆزمەوەو ئاستی خۆم باشتر بکەم، بۆ ئەوەی لێرەوە بەرەو یانە گەورەکانی ئەوروپا هەنگاو بنێم».

شێرکۆ کەریم، کە یاریزانێکی کوردی شاری کەرکووکە، تەمەنی 19 ساڵە، لە هاوینی داهاتوودا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق بەشداری لە ئۆڵۆمپیادی ریۆدی جانیرۆ دەکات.

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (399) سێشەممە 2016/5/10 20ی گوڵان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## سوارێز کۆتایی بە سەردەمی لیۆ باڵۆندۆر و دۆن باڵۆندۆر دەهێنێت..



سوارێز = 74 (52 گۆڵ و 22 ئەسیست)

رۆناڵدۆ = 65 (49 گۆڵ و 16 ئەسیست)

مێسی = 62 (41 گۆڵ و 21 ئەسیست)

# LUIS BALLON D'OR

کەس خاوەنی جوانترین گۆڵی ساڵی ناوێ 5



چەند نهێنییەکی ژیانی ڤاردی کە هەرگیز نەتبیستوون 5

## بۆمبەکەی نێو ماڵی مێسی تەقییەوە



## ماڵئاوا

سەر لەبەیانی 2016/5/8 لە نزیک شاری بەغدا، بارهەڵگرێک خۆی بە ئۆتۆمبێلی 3 وەرزشوانی ناسراوی کورد دەکێشێت و هەرسێکیان لەگەڵ شۆفێرەکەشیان گیان لەدەستدەدەن. بەداخەوە 3 وەرزشوانی کورد (سەلاح محەممەد کەریم، دکتۆر عاسی فاتیح و ئاسۆ دەروێش) ماڵئاوایی یەکجارەکیان لێکردین و وەرزشی کوردستان لە توانا و ئەزموونی 3 کەسی ئەزمووندار بێبەش بوو. مامۆستا سەلاح ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بوو، وانەبێژی تۆپی پێی ئاسیا بوو. دکتۆر عاسیش سەرۆکی پێشووی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بوو. کاک ئاسۆش یاریزانی پێشووی تۆپی سەرمێزی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق بوو».

پاڵەوانێکی لەشجوانی چەند نهێنییەک لە بارەی پاڵەوانیەتی عێراق ئاشکرادەکات..

# لە بەغدا نەیانهێشت یاریزانێکی کورد ببێتە یەکەم



**فازڵ عەباس: لە بەغدا یاریزانیان لەسەر شانۆی نمایش هێنایە خواریێ و لێیاندا**

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

فازڵ عەباس، یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق لە یاری لەشجوانی دەڵێت «لە بەغدا لە پاڵەوانیەتییەکاندا ستەممان لێدەکەن، لە کوردستانیشدا کەس بەرگریمان لێناکات و پشتگیریمان ناکەن».

فازڵ عەباس، لە دایکبووی 1975، یەکێکە لە یاریزانە دیارەکانی لەشجوانی لە کوردستان، بەڵام لە کوردستان لە هیچ یانەیەکدا یاری ناکات، بەڵکو ئێستا بۆ یانەی ئەمانەی بەغدا یاریدەکات و لە دواپاڵەوانیەتی یانەکانی عێراقیشدا، کە لە بەغدا بەڕێوەچوو، پلەی دووەمی لە کێشی 55 کیلۆگرامدا بەدەستهێنا.

ئەو یاریزانە لە بارەی یارینەکردنی بۆ یانەکانی کوردستان و ڕووکردنە بەغدا، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «یانەکانی کوردستان باش من دەناسن و دەزانن ئاستی من چۆنە، بەڵام بانگهێشتیان نەکردووم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم و نوێنەرایەتییان بکەم، بۆیە منیش ناچاربوومە ڕووبکەمەوە یانەکانی بەغدا، هەرچەندە لە دواپاڵەوانیەتی یانەکانی عێراق لە بەغدا، چەند یانەیەکی کوردستان بەشداربوون، بەڵام من بۆ یانەی ئەمانە یاریمکرد، کە لە ڕێگەی ڕاهێنەر جەمال عوسمانەوە ئەو دەرفەتەم بۆ ڕێکخرا بۆ ئەو یانەیە یاری بکەم».

هەروەها گوتی «لە پاڵەوانیەتییەکەدا مافی خۆم بوو پلەی یەکەم بەدەستبێنم، بەڵام ستەمیان لێکردم و یاریزانێکی یانەی شورتەیان کردە یەکەم، چونکە پاڵپشتیی هەبوو لەلایەن بەرپرسانی یەکێتی لەشجوانی عێراقەوە، کە لە یانەی شورتەشدا بەرپرسن».

فازڵ کە خەڵکی کەرکووکەو ئێستا لە شارۆچکەی خەباتی نزیک هەولێر نیشتەجێیە، دەڵێت «دوای ئەو بەشدارییەم، بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشتکراوم و بڕیارە بەشداری پاڵەوانیەتی جیهان بکەم، کە لە ماوەی داهاتوودا ئەنجامدەدرێت».

ئاشکراشیدەکات کە یانەی ئەمانە مووچەی مانگانەیان بۆ دابینکردووە، لە پاڵەوانیەتییەکەی ئەمجارەشدا تەواوی خەرجییەکانی ئەویان لە ئەستۆگرتبوو.

فازڵ دەڵێت «یانەو بەرپرسەکانی یاری لەشجوانی لە کوردستاندا، یەکدەست و هاوکاری یەکدی نین، بۆیە ناتوانن لە بەغداش بەرگریمان لێ بکەن کاتێک پاڵەوانیەتی بەڕێوەدەچێت، بۆیە هیوادارم و داواکارم یانەکان و بەرپرسانی لەشجوانی لە کوردستان، خۆیان ڕێکبخەن و یەکگرتووبن، بۆ ئەوەی ئاستی یارییەکە زیاتر پێشکەوێت و کاتێکیش دەچینە بەغدا، بەرگری لە یاریزانان بکەن، بەتایبەتی لە ستەمی ناوبژیوانان».

ئەو پاڵەوانە کوردە باسی ئەوەدەکات، پێشتر لە 2012 بۆ یانەی بروسک یاریکردووە لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عێراق، کە لە سلێمانی بەڕێوەچوو، مافی پلەی دووەمی هەبووە، کەچی پلەی پێنجەمیان پێداوە، گوتیشی «هیچ خەرجییەکیشیان بۆ نەکردم لە بەرامبەر خۆئامادەکردن و بەشداریکردنم لە پاڵەوانیەتییەکەدا«.

هەروەها دەڵێت «یانەکانی کوردستان ئامادەنین مووچەو پارەی خۆئامادەکردنت بۆ دابین بکەن، دەڵێن لە گیرفانی خۆتانەوە خۆتان ئامادەبکەن، منیش بەڕاستی ئەو توانایەم نییە ئەو کارە بکەم و هەژارم».

فازڵ کە هۆڵێکی وەرزشی لە خەبات هەیە، خاوەن بڕوانامەی مەشق و ڕاهێنان و ناوبژیوانیشە، ئەو هەندێک نهێنیی لە بارەی پاڵەوانیەتی ئەمدواییەی بەغدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرادەکات «پاڵەوانیەتییەکەی بەغدا زۆر بە نارێکی بەڕێوەچوو، شەڕ و ئاژاوە دروستبوو، یاریزانێک بە ناوی (ح. ک)، کە عەرەبەو خەڵکی نەجەفە، لەلایەن هەندێک کەسەوە لەسەر شانۆی نمایشەوە هێنرایە خوارەوە و لێیدرا، دواتر لە دەرەوەش لێیاندا، ڕکابەری تایفی و مەزهەبی بە ئاشکرا لە پاڵەوانیەتییەکەدا هەستی پێدەکرا».

ئەو پاڵەوانە کوردە دوای بانگهێشتکردنی بۆ هەڵبژاردەی عێراق، ئاماژە بەوەدەکات «ڕاستە من لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقدا بەشداری پاڵەوانیەتی جیهان دەکەم، بەڵام من هەر کوردم و بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری دەکەم و نوێنەرایەتیی کوردستان دەکەم».

فازڵ لە ساڵانی 2006 تاوەکو 2009 لەسەر ئاستی هەولێر و دەوروبەریدا 4 جار لە کێشی خۆیدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، ئەو دەڵێت «پێشتر یاری هێزی لەشیشم دەکردو لە 2007 پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، بەڵام ئێستا تەنیا یاری لەشجوانی دەکەم».

فازڵ عەباس، جگە لەوەی وەک یاریزان بەشداری پاڵەوانیەتییەکانی لەشجوانی دەکات، وەک ڕاهێنەریش ماوەی 4 ساڵە کاردەکات و مەشق بە کۆمەڵێک یاریزان دەکات.

ئەو پاڵەوانەی کوردستان دەڵێت «ئامانج و هیوای من ئەوەیە یانەو یاریزانان و بەرپرسانی لەشجوانی لە کوردستان، بەشێوەیەکی بەهێز لە پاڵەوانیەتییەکانی عێراقدا بەشداربن، بۆ ئەوەی ئەنجامی باش تۆماربکەین و لەوێشدا ستەممان لێنەکرێت و ئەنجامەکانمان دەستکاری نەکرێن».

کچە پاڵەوانێکی کورد لە سوێدەوە قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکات:

# من کوردستانیم نەک عێراقی



**بینایی جەمال: داواکارم کچانی کوردستان بەبێ سڵەمینەوە وەرزش بکەن**

**هەرێز جەمال**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

بینایی جەمال، تاقانە کچەکەی کوردستان لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە وڵاتی سوێدەوە ئاشکرایدەکات کە ئەو هەمیشە وەک باڵیۆزی کوردستان خۆی دەردەخات.

بینایی جەمال عەزیز ئەحمەد، ساڵی 1997 لە سلێمانی لەدایکبووەو ئێستا خوێندکاری قۆناخی کۆتایی ئامادەییەو ماوەی 13 ساڵە لە سوێد ژیان بەسەردەبات. بینایی لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشی) گوتی «لە ساڵی 2010ەوە بەردەوام وەرزش دەکەم بەتایبەتی لە گۆڕەپان و مەیدان، ئەویش بەهۆی ئەوەی مامۆستای وەرزش هاندەرم بوو بۆ هەڵبژاردنی وەرزشیی گۆڕەپان و مەیدان، هەروەها دایک و باوکم زۆر هاوکارم بوون». ئەو سەبارەت بە قۆناخی یاریکردن و دەستپێکی گوتی «لە شاری کارلسکرۆنە، لەگەڵ یانەی KA2IF دەستم بە وەرزش کرد، سەرەتا لە 800 مەتر و بازی درێژ و 60 مەتر یاریم دەکرد، ئێستا یەکەمی ناوچەکەی خۆمانم، بلێکینەBLEKINGE ، بەشداری چەندین پێشبڕکێم کردووە لەسەر ئاستی هەموو سوێد».

ئەو کچە یاریزانە کوردە، لە یانەیەک یاریدەکات کە تەنیا یاری گۆڕەپان و مەیدانی هەیە لە سوێد. سەبارەت بە ئاستی یانەکەی گوتی «یانەکەمان تایبەتە بە وەرزشی گۆڕەپان و مەیدان، زیاتر لە 100 ساڵە دامەزراوە، سەردەمانێک لە یانە هەرە باشەکانی سوێد بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی ڕاهێنەرەکان گەنج و کەم ئەزموونن یانەکە لە ئاستی مام ناوەندە». سەبارەت بە بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانیش، بینایی ئاشکرایکرد تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتی سوێد بەشداری پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدانی کردووە، بەڵام بەشداری پاڵەوانیەتی وڵاتانی ئەسکەندەنافیاشی کردووە، کە لە سوێد ئەنجامدراوە «ئێستا یەکەمی ناوچەکەی خۆم و سێیەمی باشووری سوێد و شەشەمی هەموو وڵاتی سوێدم لە تەمەنی خۆمدا».

بینایی، سەبارەت بە جیاوازی وەرگرتنی یاریزان لە یانەکانی سوێد و باشووری کوردستان زانیاری دەدات و دەڵێت «بۆ بەشداری لە یانە وەرزشییەکان لە هەموو بوارەکان لە سوێد مەرجی سەرەتا نابێت هیچ جۆرە بیرێکی ڕەگەزپەرستی هەبێ، دەبێت هەمیشە ڕێز لە بەرامبەر بگیرێت، حەزو ئارەزووی کەسەکان بۆ ئەو وەرزشە زۆر گرنگە، ڕاهێنان و دوانەکەوتن مەرجە بۆ بەرەوپێشچوون، وەک لایەنی ماددیش من هەموو خەرجییەکی خۆم دابیندەکەم، هیچ هاوکارییەک لە شارەوانی یان یانەکەم وەرناگرم». بینایی هەروەها گوتیشی «من هاوڵاتییەکی سوێدیم، هەروەها کوردم و شانازی بە کوردستان دەکەم کە وڵاتی خۆمە، بە گیان و دڵ خزمەتی دەکەم، بەڵام من عێراقی نیم، هەرچەندە نامەوێت وەرزش تێکەڵ بە سیاسەت بکەم».

سەبارەت بە کاتی ڕاکردنەکان، ئەو کچە پاڵەوانە گوتی «ئێستا من 60 بە 88.7 مەتر رادەکەم، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە گرتنی کات لێرە بە کامێراو بە سیستەمی ئەلەکترۆنییە، دەزانم کە لە کوردستان تەنیا بە کاژێری دەستی کات دەگرن کە ئەو کات گرتنە لە جیهاندا جێگەی باوەڕ نییە، 100 مەتر بە 53.12 چرکە دەبڕم، 200 مەتریش بە 30.26 چرکە دەبڕم، بێگومان بەکاتی ئەلکترۆنی».

بینایی، ئاگاداری ئاستی وەرزشیی کوردستان و ئەنجامی یاریزانانی کوردە، ئەو دەڵێت «لە ڕێگەی پەیجی گۆڕەپان و مەیدان و هەروەها لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە وەرزشییەکانەوە ئاگاداری بواری وەرزشیی گۆڕەپان و مەیدانم لە کوردستان، کچانی وڵاتەکەم جێگەی شانازی هەموو لایەکن، بەڵام پێویستیان بە هاوکاری زیاترە تا بتوانن خزمەتی زیاتر بکەن، داواکارم کچان بەبێ سڵەمینەوە بەشداری وەرزش بن، چونکە هەموو وەرزشوانێک باڵیۆزی وڵاتەکەیەتی».

دووەمەکەش یاریزانی فۆتساڵە..

# پاڵەوانی ماراسۆنی هەولێر یاریزانی تۆپی دەستە



**سامان وڵاتژێری**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

شەونم قادر و بەفرین قادر، ئەو دوو خۆشکە بوون کە لە ماراسۆنی هەولێردا، کە لەژێر ناوی «ڕاکردن لەپێناو ئاشتی و تەبایی»، بەڕێوەچوو، پلەی یەکەم و دووەمیان بەدەستهێنا. ئەوان بە (ڕووداوی وەرزشی)یان گوت «هەردووکمان بۆ پلەی یەکەم بەشداریمان کرد، بەڵام یەکێکمان یەکەم بوو، یەکێکیش دووەم».

ئەو دوو خوشکە، دوای تەواوبوونی ماراسۆنەکە و وەرگرتنی خەڵاتەکانیان، قسەیان بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کرد.

شەونم، کە تەمەنی 27 ساڵە، یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێرە، لەگەڵ ئەوەشدا بووە یەکەمی ماراسۆن. ئەو یاریزانە لەبارەی نهێنی سەرکەوتنی خۆی لە ماراسۆنەکەدا گوتی «هەفتەیەک خۆ ئامادەکردن بۆ ڕکابەرییەکانی ماراسۆنەکە و بەردەوام وەرزشکردن هۆکاری بەدەستهێنانی پلەی یەکەمم بوون لە ماراسۆنەکەدا».

شەونم خۆشحاڵی خۆی بە بەدەستهێنانی پلەی یەکەم نیشاندا و گوتی «لە سەرەتاوە بۆ بردنەوەی پلەی یەکەم بەشداریم لە ماراسۆنەکە کرد». ئەو یاریزانە زیاتر گوتی «زۆر دڵخۆشم بەوەی خوشکەکەشم شانبەشانی من لە ڕکابەرییەکاندا پلەی دووەمی بەدەستهێناوە».

شەونم، نهێنییەکی سەرکەوتنی خۆی لە ماراسۆنەکەدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرا کرد و گوتی «هەرچەندە من یاریزانی تۆپی دەستم، بەڵام نزیکی هەردوو یارییەکە لە یەکدی یارمەتی دام ئەو پلەیە بەدەستبێنم».

بەفرین قادر، خوشکی شەونم و خاوەنی پلەی دووەمیش، گوتی «منیش لە ماڵەوە بۆ بردنەوەی پلەی یەکەم هاتبووم، بەڵام خوشکەکەم ئەو پلەیەی بردەوەو من دووەم بووم».

شەونم قادر و بەفرین قادر، دوو خوشکن، شەونمی تەمەن 27 ساڵ، یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێرە، بەفرینیش تەمەنی 22 ساڵە و یاریزانی فۆتساڵی یانەی هەولێرە. لە ماراسۆنەکەدا شەونم بە 12 خولەک و 47 چرکە پلەی یەکەمی بەدەستهێناو بەفرینیش بە 12 خولەک و 49 چرکە کاتەکەی بڕی و پلەی دووەمی بردەوە.




| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |



## لێیدرا

ئادەم جۆنسۆنی ئەستێرەی پێشووی سەندەرلاند، تووشی یەکەم تەنگپێهەڵچنین بوو لەو بەندیخانەی تێیدا بەندکراوە، کاتێک بەندکراوێکی دیکە جنێوبارانی کرد و دواتر لێیشیدا. جۆنسۆن یەکەمجارە تووشی ئەو هەڵوێستە دەبێت، هۆکاری ڕوداوەکەش ئەوەیە جۆنسۆن ئامادە نەبوو بەشداری لە پاککردنەوەی شوێنەکە بکات، کە دەبێت بیکات. بە گوێرەی ڕۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی جۆنسۆن لەگەڵ بەندکراوەکەی دیکە لاساریکردووەو گەیاندوویەتییە ڕاددەی تووڕەکردنی، کاتێک پێیگوتووە «پێدەچێت تۆ نەزانی لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟» بەمەش هەردووکیان بووەتە شەڕە بوکسیان، بەر لەوەی پاسەوانانی بەندیخانەکە لە یەکدیان بکەنەوە.

ڕۆما پاڵەوانی هاوین، ئینتەر پاڵەوانی پایز، ناپۆلی پاڵەوانی زستان..

# یۆڤی پاڵەوانی سکۆدیتۆ



«لە ئیتاڵیا هەمووان خۆیان ماندوو دەکەن و دواجار نازناوەکە دەدەنە یوڤانتۆس»

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

بردنەوەی نازناوی سیریا ئەی لەلایەن یانەی یوڤانتۆسەوە سەیر نییە، بەڵام سەیر لەوەدایە کە بە درێژایی هەر سێ وەرزی ساڵ، هاوین و پایز و زستان پێشەنگی ڕیزبەندەکە بەدەست 3 یانەی دیکەوە بوو، لە کۆتاییشدا پێشکەشی یۆڤیان کرد.

لە وەرزی ئەمساڵدا یوڤانتۆس هەموو هەوادارانی خۆی تووشی شۆک کرد، چونکە لە 10 یاری یەکەمیدا تەنیا 12 خاڵی کۆکردەوە، کە 4 دۆڕان و 3 بردنەوەو ئەوەندە یەکسانبوونی هەبوو. ئەوکات هەمووان لەو بڕوایەدا بوون کە یۆڤی لە قەیرانێکی گەورەدایە و هەرگیز ناتوانێت ڕکابەری لەسەر نازناوی سکۆدیتۆ بکات. تەنانەت زۆر لە چاودێران ئەو دەستکەوتەیان بە مەحاڵ دەزانی، بەڵام دواتر ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە «مەحاڵ لە فەرهەنگی یۆڤیدا نییە». ئەو یانەیە لە 25 یاریدا 24 بردنەوەی بەدەستهێناو تەنانەت پێشوەختە نازناوەکەی بردەوەو بووە خاوەنی 34مین نازناوی سکۆدیتۆ.

### 5 ساڵی زێڕین بە 445 خاڵ

* یوڤانتۆس یەکەم یانەیە لە 10 ساڵی ڕابردوودا نازناوی سیریا ئەی دەباتەوە بێئەوەی لە قۆناخی یەکەمدا پێشەنگی ڕیزبەندەکە نەبێت. لە 3 یاری یەکەمیشدا تەنیا خاڵێکی کۆکردەوە.

* لە 5 وەرزدا 445 خاڵی کۆکردووەتەوە. 92 خاڵی لە ناپۆلی زیاتر بووە، 101 خاڵی لە ڕۆما زیاتر بووە، هەروەها 131 خاڵ لە ئەی سی میلان زیاتر، 154 خاڵ لە ئینتەرمیلان زیاتر، 141 خاڵ لە فیۆرەنتینا زیاتر و 149 خاڵ زیاتر لە لازیۆ.

* لە 25 یارییدا 24 بردنەوەو یەکسان بوونێکی هەبوو، واتە لە کۆی 75 خاڵ 73 خاڵی بەدەستهێنا.

* 15 سەرکەوتنی بەسەریەکەوە بەدەستهێنا. بەڵام ڕیکۆردەکە بەناوی ئینتەرمیلانە، کە لە وەرزی 2007 ـ 2008 توانی 17 سەرکەوتن بەسەریەکەوە بەدەستبهێنێت.

* ئەمساڵ تەنیا 20 جار تۆڕی گۆڵی یۆڤی هەژێنراوە، کە لە وەرزی 2013 ـ 2014دا تەنیا 20 گۆڵی لێکرا.

* لە 20 یارییدا گۆڵی لێنەکراوە، کە هەمان ڕیکۆردی خۆی بووە، لە وەرزی 2013 ـ 2014 و میلانیش لە وەرزی 1993 ـ 1994.

* لەم وەرزەدا ماسیملیانۆ ئەلیگری ڕاهێنەری یوڤانتۆس یاری بە 28 یاریزانی کردووە.

* جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپارێز ماوەی 974 خولەک تۆڕی گۆڵەکەی بە خاوێنی پاراستووە، کە ئەمە ڕیکۆردێکی نوێیە لە سیریا ئەی.

* ئەلیگری لە 74 یارییدا 53 یاری بردووەتەوە. 13 یەکسان بوون و 8 دۆڕانیشی هەبووە.

* ڕۆژنامەی کۆرێری دیلۆ سپۆرتی بەناوبانگ لە هەڵسەنگاندنی گشتی ئەم وەرزەدا لەسەر 10 خاڵ 10 خاڵی تەواوی بە هەریەک لە ئەلیگری و بۆفۆن و دیبالا داوە.

* لەم وەرزەدا یۆڤی زۆر دواکەوت لە وەرگرتنی پێشەنگی خولەکە، کە ڕۆما پاڵەوانی هاوین بوو، ئینتەرمیلان پاڵەوانی پایز و ناپۆلیش پاڵەوانی زستان بوو، بەڵام دواجار ڕادەستی یۆڤیان کرد.

زۆر نزیکە لە باڵۆن دۆر..

# سوارێز دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

لەبەرچی لویس سوارێزی هێرشبەری هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای و بارسیلۆنای ئیسپانی باڵۆن دۆری ئەمساڵ بەدەست ناهێنێت؟ ئەو پرسیارە بەم دواییە زۆر بەهێزەوە لەلایەن زۆر لە چاودێران و لەنێو مونتەداکانی تۆپی پێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، دوای ئەوەی سوارێز لە تۆمارکردنی گۆڵ و بەشداریکردن لە تۆمارکردنی گۆڵ بە درێژایی وەرز بووە باشترین یاریزانی جیهان.

سوارێز بەپێش هەمووان کەوتووە، کە لەم وەرزەدا بەشداری لە 74 گۆڵ کردووە لە هەموو پاڵەوانەتییەکاندا، 52 گۆڵی تۆمارکردووەو 22 گۆڵیشی دروستکردووە، بەپێش ڕکابەرە ڕاستەوخۆکەی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید کەوتووە، کە بەشداری لە تۆمارکردنی 65 گۆڵ کردووە، 49 گۆڵی گۆڵی تۆمارکردووەو 16 گۆڵیشی دروستکردووە. سوارێز بەپێش لیۆنێل مێسی سەرسوڕهێنەری هەشتەمی جیهانیش کەوتووە، مێسی لەم وەرزەدا بەشداری لە تۆمارکردنی 62 گۆڵ کردووە، 41 گۆڵی تۆمارکردووەو 21 گۆڵیشی دروستکردووە، لەسەر ئاستی خولە گەورەکانی ئەورووپاش سوارێز بەپێش هەمووان کەوتووە، بەشداری لە 34 یاری کردووە لە لالیگا، 37 گۆڵی تۆمارکردووەو 19 گۆڵیشی دروستکردووە، واتە بەشداری لە تۆمارکردنی 56 گۆڵ کردووە. زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدیش لە پلەی دووەم دێت، کە لە خولی فەرەنسا بەشداری لە 30 یاری کردووە، 35 گۆڵی تۆمارکردووەو 13 گۆڵیشی دروستکردووە، واتە بەشداری لە تۆمارکردنی 48 گۆڵدا کردووە، جۆناس لە پلەی سێیەم دێت بە 44 گۆڵ، 31 گۆڵی تۆمارکردووە و 13 گۆڵیشی دروستکردووەو ڕۆناڵدۆ لە پلەی چوارەم دێت بە 44 گۆڵ، 33 گۆڵی تۆمارکردووە و 11 گۆڵیشی دروستکردووە.

لەبەر ئەم ئامارانە، کە باشترن لە ئامارەکانی ئەو دوو ڕکابەرەی ماوەی 8 ساڵە خەڵاتی باڵۆن دۆریان قۆرخکردووە، هەریەک لە مێسی و ڕۆناڵدۆ، سوارێز لەبەردەم دەرفەتێکی ئاڵتونی دایە بۆ ئەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر بەدەستبێنێت و کۆتایی بە قۆرخکاری مێسی و ڕۆناڵدۆ بێنێت. بەڵام بێگومان وەک چاودێران دەڵێن «ئەگەر سوارێز لەم هاوینەدا بتوانێت یارمەتی هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای بدات و نازناوی کۆپا ئەمریکا بەدەستبێنێت، کە حوزەیرانی داهاتوو بە بۆنەی تێپەڕبوونی 100 ساڵ بەسەر یەکەم کۆپا ئەمریکا لە مێژوو بەڕێوەدەچێت، ئەوا ئەگەری بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە لەلایەن سوارێزەوە بەهێزتر دەبێت».

ئەنتۆنێلا بەرە بەرە دڵی لە لیۆ پیس دەبێت..

# بۆمبەکەی نێو ماڵی مێسی تەقییەوە



**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

هەرچەندە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، یەکێکە لەو ئەستێرە ناسراوانەی بەشێوەیەکی گشتی بە باشی دەستی بە هاوسەرەکەی و خێزانەکەی گرتووە، بە پێچەوانەی ڕکابەرەکەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، کە بەوە ناسراو چەندین پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتان هەیە، کەچی دۆستەکەی و دایکی دوو منداڵەکەی، ئەنتۆنێلا و کرۆزیرۆ هێشتا دڵپیسی لێدەکات.

ئەنتۆنێلا زۆر متمانەی بە مێسی نییە، پێدەچێت لەوە بترسێت بکەوێتە داوی خانمە سەرسامێکی، کە لەسەری شەڕیانە، بەو سیفەتەی یەکێکە لە بەناوبانگترین یاریزانەکان لەسەر زەویدا.

لە هەنگاوێکی پێشوەختەدا ئەو شتە بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەنتۆنێلا ناوی کچە شۆخ و شەنگی بەرازیلی، سۆزی کۆرتیزی لە ئەژماری مێردەکەی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام، سڕییەوە، کە پێدەچێت دۆستەکەی مێسی چیدی بە دەستەواژەکانی خۆشەویستی و سەرسامی ئەم دواییەی سۆزی بۆ مێسی ڕازی نەبێت، بەو هەنگاوەی دەیەوێ مێسی لەبەر چاوی یەکێک لە بەناوبانگترین خانمە شەیدایەکانی دوور بخاتەوە.

سۆزی، سەرسوڕمانی خۆی لە سڕینەوەی ئەژماری فەرمی مێسی لە ئینستاگرام لەلایەن ئەنتۆنێلاوە دەربڕی و دانی بەوەدا نا کە لەو شێوازی مامەڵەکردنە تاساوەو گوتی «لەو ڕووداوە تاساوم، من تەنیا هاندەرێکی مێسیم و ئاگام لە هەواڵەکانیەتی، هاوشێوەی ئەو 40 ملیۆن کەسەی لەنێو ئەژمارەکەیدا هەن».

دواتر سۆزی کە شاجوانی بەرازیلە هەوڵیدا دۆستەکەی مێسی تووڕە بکات، بۆیە داوایلێکرد متمانەی زیاتری هەبێت و خۆی لەگەڵ ئەستێرەیی باوکی منداڵەکانی ڕابهێنێت و گوتی «من یەکێکم لە شەیدایانی مێسی و دەبێت تۆش متمانەی زیاترت هەبێت». هەرچی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکەیە دووپاتیدەکەنەوە، ئەنتۆنێلا تەنیا لەو تەنگ پێهەڵچنینانە تووڕە نییە کە مێسی لەسەر دەستی سۆزی تووشی دێت، بەڵکو لەو گرتە ڤیدیۆیی و وێنە سەرنجڕاکێشانەش تووڕەیە، کە سۆزی لە ئینستاگرام بڵاویان دەکاتەوە.

بڕوا بکەی یان نا؟!..

# بنزیمە نەیهێشت سوارێز بچێتە ریال مەدرید

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیسپانی ئاشکرایانکرد کە لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆرۆگوایی، بەر لەوەی بچێتە ڕیزەکانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، زۆر نزیک بوو لەوەی گرێبەست لەگەڵ یانەی ریال مەدریدی شاهانە بکات، بەڵام هێرشبەرێکی مەدریدی بەو گرێبەستە ڕازی نەبوو، بۆیە ریال مەدرید لە گرێبەستەکەی سوارێز پاشگەز بووەوە.

ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیانە پەردەیان لەسەر ناسنامەی ئەو یاریزانە هەڵدایەوە، کە لێنەگەڕا لویس سوارێز بچێتە ڕیزەکانی ریال مەدرید بەر لەوەی بچێتە ڕیزەکانی بارسیلۆنا.

سوارێز ئەو کاتەی یاریزانی لیڤەرپوول بوو دەنگۆی ئەوە هەبوو بچێتە ڕیزەکانی ریال مەدرید، بەر لەوەی ڕوو بکاتە یاریگای کامپ نو. سوارێز نزیکبوو لەوەی درێسی لۆس بلانکۆس بپۆشێت، بەڵام هێرشبەری فەرەنسی، کەریم بنزیمە بە بیرۆکەی گرێبەستکردن لە گەڵی ڕازی نەبوو، لە ترسی ئەوەی بەهۆی سوارێزەوە شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی ریال مەدرید لەدەستبدات. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن «فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید بە قسەی کەریم بنزیمەی کرد و وەک ڕێزگرتن لە ویستی ئەو گرێبەستی لەگەڵ سوارێز نەکرد». ڕاپۆرتەکان هەروەها باس لەوەش دەکەن «بنزیمە لەلایەن پیرێزەوە ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێت و تاکە یاریزانە کە سەرۆکی یانە سپییەکە گوێ لە قسەکانی دەگرێت».

لویس سوارێز، لە یانەی لیڤەرپوولەوە چووە بارسیلۆنا و توانی مێژوویەک لە دەروشانەوەو دەستکەوت لەگەڵ تیپەکەی کەتالۆنیا بنووسێتەوە.



باشترین

بێشک دووانەی تۆقێنەری یانەی لیستەر سیتی، ریاز محرز و جیمی ڤاردی، وشەی نهێنین لە بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی لەم وەرزەدا، لەلایەن تیپە نەناسراوەکەیان، دوای ئەوەی بەشداربوون لە تۆمارکردن و دروستکردنی 59 گۆڵ بۆ ڕێوییەکان. ڕۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، ئەو دووانەیە بە باشترین لە مێژووی خولەکانی ئەوروپا دادەنرێن، لە ڕووی هاریکارییان بەیەکەوە، پێش ئەوان دووانەی دیکەی زۆر هەبوون، بەڵام هەرگیز نەگەیشتوون بەو ژمارەیە.

ژمارە (399) سێشەممە 2016/5/10

### دەتەوێ بزانی لیستەر سیتی چۆن بووە پاڵەوانی پرێمەرلیگ؟!

# «پارچە قوماشێک نهێنی سەرکەوتنی گورگەکان بوو»



ڕەمزی میرەکانی
ڕووداوی وەرزشی ـ TELEGRAPH

پلانەکانی کلاودیۆ ڕانییێری، داهێنانەکانی ریاز محرز و گۆڵەکانی جیمی ڤاردی، بێشک ڕۆڵیان لە کاروانی ناوازەی لیستەر سیتی هەبوو، کەچی نیازی پاک بەگوێرەی بیروبۆچوونی ڕاهیبێکی بودایی، ئەو لیستەر سیتی بەرەو بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ بردووە.

ڕاهیبێکی بودایی لایەنێک ئاشکرا دەکات، کە زۆرکەس لەبارەی یانەکە نایزانن، کە وەرزی ڕابردوو هەڕەشەی دابەزینی لە ڕیزی یانە نایابەکان لەسەربوو. لە یاریزانانی بەهرەمەند ئەوانەی بە ئاستیان لەسەر یاریگە جادوویان لە بینەران کرد، بۆ دیدی تەکتیکی وردی ڕاهێنەر و دەستەی کارگێڕی، و پەرۆشی گەورەی جەماوەر، لیستەر سیتی خەونەکەی بەدیهێناو نازناوی پریمەرلیگی بەدەستهێنا، بۆ ئەمەشیان دەبێت تیپەکە سوپاسی کەسانی دیکە بکات، جگە لەوانەی ئاماژەمان پێیانکرد، ئەوانیش دوو ڕاهیبی بودایی لە تایلەندەوە.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کە ڕۆژنامەی تەلیگراف بڵاویکردووەتەوە، بەرەکاتی ڕاهیبەکان لە پەرستگای (بودای زێڕین) لە بانکۆک، ڕۆڵی لە دەرەوشانەوەی تیپەکە لە کاروانی ئەمساڵی تیپەکەدا هەبوو «نزیکەی 10 ڕاهیب سەفەریان کردووە بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی لە یارییەکانی لیستەر سیتی ئامادەبن، کە خاوەنەکەی سەرمایەداری تایلەندی، فیکای سریفدانابرابایە، ئەو سەفەرکردنەشیان بە مەبەستی چێژوەرگرتن لە ئاستی تیپەکە نەبووە، بەڵکو بۆ بەخشینی بەرەکەت بووە بە یاریزانەکان پێش دەستپێکردنی یارییەکانیان، بۆ ئەوەی وایان لێبکەن تێڕامان بکەن، ئەوەش لەنێو ژوورێکی تایبەت دەبوو، کە لەنێو یاریگاکەی بەتایبەتی بۆ ئەو کارە تەرخان کرابوو».

## «ڕاهیبەکانی بودا بەدرێژایی وەرز نزا و نوێژیان بۆ یاریزانانی لیستەر سیتی کردووە»

ڕاهیبی بودایی، فرا مانگلاچان سەرپەرشتی ئەوە کارەی دەکرد، کە بە «پشتیوانی گیانی» وەسفی دەکات. پشتیوانی گیانی لە یارییەکانی تیپەکە لە دەرەوەی یاریگەی خۆیشی، لەلایەن ڕاهیبەکانی درەوەی بەریتاناوە بەردەوام دەبێت، ئەو ڕاهیبانە نوێژ بۆ تیپەکە دەکەن لەنێو ئەو پەرستگایەی، کە دەکەوێتە گەڕەکی چینییەکان لە بانکۆک.

لە لێدوانێکی بۆ ڕۆیتەرز، فرای ڕاهیب ئاماژە بە نهێنی ئاستبەرزی ئەو وەرزەی لیستەر سیتی دەکات و دەڵێت «شتەکە پەیوەندی بە جادووکردنەوە نییە، بەڵکو بەو کردەوە باشانەی فیکای، کە پاڵی بە لیستەرەوە نا لە سەرتاسەری جیهانەوە پشتیوانی بەدەستبێنێت، هێزیشی بە لیستەر بەخشیوە». لەو کاتەی دوو ڕاهیبەکە لە کاتی یارییەکانی لیستەر سیتی خەریکی نوێژکردن و نزاکردنن بۆ تیپەکە، چەند کەسێک وێنەیەکی ڕوونی تیپەکە لەسەر یاریگە بۆیان دەگوازنەوە. بە قسەی تەلیگراف «دوو ڕاهیبەکە بە فڕۆکەیەکی تایبەت بۆ بەرەکەت بەخشین بە یاریزانەکانی لیستەر سیتی پێش یارییەکانیان دەچوونە بەریتانیا، ئەو نەریتەش بەشێوەیەکی فراوان لە تایلەند پەیڕەو دەکرێت، واتا بەدەستهێنانی هێزی گیانی لە ڕاهیبەکان لە کاتی دەستکردن بە پرۆژەیەک، هەتا لە کاتی کڕینی ئۆتۆمبێلێکی تازەشدا». ڕۆژنامەکە لەسەر زاری ئەلیکس هیلتۆنی یاریدەدەری پێشووی خاوەنی یانەکە نووسیویەتی «فیکای خودی خۆی لە ژووری تایبەت بۆ ماوەی 45 خولەک پێش یارییەکانی تیپەکە نوێژی دەکرد، بۆ ئەوەی بەرەکەت بە لیستەر سیتی ببەخشێت». هەروەها نوسیویەتی «لەتەک نزاکردن بۆ سەرکەوتنی تیپەکە، وێنەی ئەو ڕاهیبانەش بڵاوکرایەوە، کە شتیان لەسەر خاکی یاریگەی لیستەر سیتی لە ژێر زەوی دەنا، بێجگە لە زیادبوونی ڕووکردنی هاندەران لەسەر پۆشینی مەدالیای بودایی و جل، کە وێنەی سەیری لەسەر نەخشێنراوە».

فرای ڕاهیب پێیوایە ئەو ڕامانەی یاریزانەکانی لیستەر سیتی دەیانکرد ڕۆڵی گرنگی هەبوو، چونکە پشێوی و ترس لە مێشکیان دووردەخاتەوەو وایانلێدەکات، بەشێوەیەکی سەربەخۆ و کارا کار بکەن. ئێستا فرا کار لەسەر بەخشینی جلی پیرۆز بە لیستەر سیتی دەکات، بەوەی وەسفی دەکات «تیپەکە هەرگیز نادۆڕێت»، لەم بارەوە قسەی بۆ ڕۆیتەرز کرد و گوتی «جلی پیرۆز شێوازێکی دەروونییە کە دامانهێناوە، بۆ ئەوەی ئاستی پشتیوانی ورەیی و داهێنانی کەش و هەوای بیرکردنەوەی ئەرێنی لەنێوان یاریزانانای تیپەکە باشتر بکات».

فیکای سریفدانابرابا، خاوەنی لستەر سیتی کە لەوەتەی 2010 هاتووە زیاتر لە 150 ملیۆن یۆرۆی خەرجکردووە، زیاتر چاویشی خستووەتە سەر ڕەواج پەیداکردن و وەبەرهێنان لە بازاڕەکانی وڵاتەکەی تایلەند و گەشتیار و بەکاربەرەکانی. دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو خۆی گرت و بە بردنەوەی لە وێستهام لە پرێمەریگ مایەوە، هەڵمەتەکە دەستپێکردو خۆی لەنێو گەورەکان سەلماند، بە ڕابەرایەتی ڕاهێنەری ئیتاڵی کلاودیۆ ڕانییێری، کە گیانی تیپ و هاریکاری لەنێو یاریزانەکانی بڵاوکردەوە، ئەوەش بە دیارترین فاکتەرەکانی سەرکەوتن دادەنرێت، بێجگە لە بەرنامەی شیکردنەوەی توانی بەهرەمەندەکان، کە دۆزەرەوەی یاریزانان پشتی پێبەست، ئەویش مامۆستای پەروەردەی جەستەیی، ستیڤ واڵشە، کە کارگێڕی یانەکە بڕی 200 هەزار یۆرۆی لە پەیڕەوەکانی خەرجکرد، ئەوەش هاوتای خەرجکردنی نزیکەی 10 ملیۆن یۆرۆیە، کە لە کڕینی یاریزانان خەرج دەکرا.

### لە هەموو هەورێک باران نییە..

# «بێرنلی دەبێتە پاڵەوانی پرێمەرلیگ»

سەفین تەها ـ ڕووداوی وەرزشی

هاندەرێکی یانەی لیستەر سیتی ئینگلیزی کە ئەم وەرزە بەهۆی قومارکردن لەسەر ئەنجامی یانەکەی قازانجێکی زۆری کرد، بۆ وەرزی داهاتووش بەنیازە هەمان کار ئەنجامبدات.

ئەلێکس دۆنوها، کە گەنجێکی دانیشتووی ناوچەی لیستەرشایەرە، وەرزی ڕابردوو پێش دەستپێکردنی یارییەکانی پرێمەرلیگ بە 100 پاوەند بەشداریکرد لە قومارێکدا کە لەسەر دیاریکردنی پاڵەوانی خولەکە بوو، ئەو هاندەرەی لیستەر ئەوەندە متمانەی بە یانەکەی هەبوو تاوەکو سەرکێشی بە پارەکانییەوە کرد و ڕایگەیاند کە لیستەر سیتی دەبێتە پاڵەوانی پرێمەرلیگ، لە کۆتاییدا کە ڕێوییەکان نازناوی پرێمەرلیگیان مسۆگەرکرد ئەو 100 پاوەندە بوو بە 133.333 پاوەند، کە دەکاتە زیاتر لە 15 دەفتەر دۆلار.

ئەمە هەموو شتێک نییە، ئەو هاندەرە لەسەر سەرکێشییەکانی بەردەوامە و بۆ وەرزی داهاتوو بڕیاریداوە 100 پاوەندی دیکە بخاتە کۆمپانیاکانی قومارەوە، بەڵام ئەمجارە بۆ لیستەر سیتی نییە، بەڵکو بۆ یانەی بێرنلییە کە ئەمساڵ لە خولی چا مپیۆ نز شیپ یاری دەکرد و سەرکەوتنی بۆ خولی پرێمەرلیگ مسۆگەر کردووە. ئەو هاندەرە پێیوایە بێرنلی لە وەرزی 2016 ـ 2017 دەبێتە پاڵەوانی خولی پرێمەرلیگ، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشبینی دەکرێ وەرزی داهاتوو ئەو خولە زۆر بەهێزتربێت و چەند ڕاهێنەرێکی نوێ ڕووی تێدەکەن و ئەرکی ڕاهێنەرایەتی گەورە یانەکانی پرێمەرلیگ وەردەگرن.



### دوای شای گیڤن..

# دیارترین 7 پیرەمێرد لە یاریگەکانی پرێمەرلیگدا



ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

بێجگە لە بەدەستهێنانی نازناوی پرێمەرلیگ لەلایەن یانەی لیستەر سیتی بۆ جاری یەکەم لە مێژووی خولی نایابی ئینگلیزی و پاشەکشەکردنی هەڵگری نازناوەکە چێلسی بۆ پلەی نۆیەم لە ڕیزبەندی خولەکە، لەم وەرزەدا ئەو خولە چەندین شتی سەیری دیکەشی بەخۆوە بینیووە.

لە یاری مانچستەر سیتی و ستۆک سیتی لە گەڕی 35دا، شای گیڤنی گۆڵپارێزی یانەی ستۆک سیتی لە تەمەنی 40 ساڵیدا بەشداریکرد، کە ئەو شتە زۆر ڕوونادات.

لەم بارەوە ڕۆژنامەی تلیگرافی ئینگلیزی ڕاپۆرتێکی لەبارەی دیارترین پیرەمێردەکان لە یارییەکانی پرێمەرلیگ بڵاوکردەوە، کە بەمشێوەیە:

1 ـ پۆل سکوڵز: ڕۆژی 2013/5/19 لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد، لە تەمەنی 38 ساڵ و 183 ڕۆژی یاری کردووە.

2 ـ داڤید جەیمس: لەگەڵ یانەی پۆرتسمۆس، لە تەمەنی 39 ساڵ و 273 ڕۆژی یاری کردووە.

3 ـ شای گیڤن: ڕۆژی 23/ 4/ 2016 لەگەڵ یانەی ستۆک سیتی، لە تەمەنی 40 ساڵ و 3 ڕۆژی یاری کردووە.

4 ـ داڤید سیمان: ڕۆژی 2014/1/10 لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی، لە تەمەنی 40 ساڵ و 113 ڕۆژی یاری کردووە.

5 ـ ڕایان گیگز: ڕۆژی 2014/5/6 لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد، لە تەمەنی 40 ساڵ و 158 ڕۆژی یاری کردووە.

6 ـ ئیدوین ڤان دێر سار: ڕۆژی 2011/5/22 لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد، لە تەمەنی 40 ساڵ و 205 ڕۆژی یاری کردووە.

7 ـ یانز لیمان: ڕۆژی 2011/4/10 لەگەڵ یانەی ئارسناڵ، لە تەمەنی 41 ساڵ و 151 ڕۆژی یاری کردووە.




باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەك، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەك
- دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
- دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
- نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بۆیڕیە خەون ببینە

411
korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

خولی ئینگلتەرا
09:45
سێشەممە 10/5/2016
وێستهام - مانچستەر یونایتد

خولی ئینگلتەرا
10:00
چوارشەممە 11/5/2016
لیڤەرپووڵ - چێلسی

خولی ئەڵمانیا
04:30
شەممە 14/5/2016
ڤۆلفسبۆرگ - شتۆتگارت

خولی ئیسپانیا
06:00
شەممە 14/5/2016
گرانادا - بارسێلۆنا

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 38 )

هەینی 2016/5/13

| | |
|---|---|
| ڤالێنسیا - ریال سۆسیداد | 09:30 |
| **شەممە 2016/5/14** | |
| دیپۆرتیڤۆ - ریال مەدرید | 06:00 |
| گرانادا - بارسێلۆنا | 06:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - سڤیلیا | 08:30 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - سێلتاڤیگۆ | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/5/15** | |
| مەلەگە - لاس پالماس | 01:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ - لیڤانتی | 06:00 |
| ریال بیتیس - گێتافی | 06:00 |
| خیخۆن - ڤیاریال | 06:00 |
| ئیسپانیۆل - ئیبار | 08:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 88 |
| 2 - ریال مەدرید | 87 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 85 |
| 4 - ڤیاریال | 64 |
| 5 - سێلتاڤیگۆ | 60 |
| 6 - ئەتلەتیک بلباو | 59 |
| 7 - سڤیلیا | 52 |
| 8 - مەلەگە | 45 |
| 9 - ریال سۆسیداد | 45 |
| 10 - ڤالێنسیا | 44 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سوارێز | بارسێلۆنا | 37 |
| 2 - رۆنالدۆ | ریال مەدرید | 33 |
| 3 - مێسی | بارسێلۆنا | 26 |
| 4 - نەیمار | بارسێلۆنا | 24 |
| 5 - بنزیمە | ریال مەدرید | 24 |

## خولی ئینگلتەرا ( هەفتەی 38 )

یەکشەممە 2016/5/15

| | |
|---|---|
| مانچستەر یونایتد - بۆرنیمۆس | 05:00 |
| ئارسناڵ - ئەستۆن ڤێلا | 05:00 |
| ساوسهامتۆن - کریستاڵ پالاس | 05:00 |
| چێلسی - لیستەر سیتی | 05:00 |
| وێست برۆمیچ - لیڤەرپووڵ | 05:00 |
| سوانزی سیتی - مانچستەر سیتی | 05:00 |
| ئێڤەرتۆن - نۆرویچ سیتی | 05:00 |
| واتفۆرد - سەندەرلاند | 05:00 |
| نیوکاسل - تۆتنهام | 05:00 |
| ستۆک سیتی - وێستهام | 05:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیستەر سیتی | 80 |
| 2 - تۆتنهام | 70 |
| 3 - ئارسناڵ | 68 |
| 4 - مانچستەر سیتی | 65 |
| 5 - مانچستەر یونایتد | 63 |
| 6 - ساوسهامپتۆن | 60 |
| 7 - وێستهام | 59 |
| 8 - لیڤەرپووڵ | 58 |
| 9 - چێلسی | 48 |
| 10 - ستۆک سیتی | 48 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کەین | تۆتنهام | 25 |
| 2 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 24 |
| 3 - ئەگوێرۆ | مانچستەر سیتی | 24 |
| 4 - لوکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 18 |
| 5 - مەحرز | لیستەر سیتی | 17 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 34 )

شەممە 2016/5/14

| | |
|---|---|
| بورۆسیا دۆرتمۆند - کۆڵن | 04:30 |
| دارمشتات - مونشنگلادباخ | 04:30 |
| ڤێردەربریمەن - فرانکفۆرت | 04:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن - ئینگۆڵشتات | 04:30 |
| هۆفنهایم - شالکە | 04:30 |
| ئۆگسبۆرگ - هامبۆرگ | 04:30 |
| بایرن میونشن - هانۆڤەر | 04:30 |
| ماینز - هێرتا بەرلین | 04:30 |
| ڤۆلفسبۆرگ - شتۆتگارت | 04:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 85 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 77 |
| 3 - بایرلیڤەرکۆزن | 57 |
| 4 - مونشنگلادباخ | 52 |
| 5 - ماینز | 49 |
| 6 - هێرتا بەرلین | 49 |
| 7 - شالکە | 49 |
| 8 - ڤۆلفسبۆرگ | 42 |
| 9 - کۆڵن | 42 |
| 10 - ئینگۆڵشتات | 40 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 29 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 25 |
| 3 - مولەر | بایرن میونشن | 20 |
| 4 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 17 |
| 5 - کالۆ | هێرتا بەرلین | 14 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 38 )

شەممە 2016/5/14

| | |
|---|---|
| پاریس سانجێرمان - نانت | 10:00 |
| مۆناکۆ - مۆنپێلیە | 10:00 |
| گانگۆن - نیس | 10:00 |
| رین - باستیا | 10:00 |
| تروا - مارسیلیا | 10:00 |
| سانت ئیتیان - لیل | 10:00 |
| کان - بۆردۆ | 10:00 |
| ریمس - لیۆن | 10:00 |
| لوریان - ئەجاکسیۆ | 10:00 |
| ئەنجی - تۆلۆز | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 92 |
| 2 - لیۆن | 65 |
| 3 - مۆناکۆ | 62 |
| 4 - نیس | 60 |
| 5 - سانت ئیتیان | 58 |
| 6 - لیل | 57 |
| 7 - رین | 52 |
| 8 - کان | 51 |
| 9 - ئەنجی | 50 |
| 10 - مۆنپێلیە | 49 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 35 |
| 2 - لاکازێتی | لیۆن | 21 |
| 3 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 19 |
| 4 - بن عەرەفە | نیس | 17 |
| 5 - باتشوای | مارسیلیا | 17 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 38)

شەممە 2016/5/14

| | |
|---|---|
| یوڤانتۆس - سامپدۆریا | 06:00 |
| میلان - رۆما | 09:45 |
| ناپۆلی - فرۆزینۆنی | 09:45 |
| **یەکشەممە 2016/5/15** | |
| کیێڤۆ - بۆلۆنیا | 07:00 |
| ئیمپۆلی - تۆرینۆ | 07:00 |
| جێنەوا - ئاتالانتا | 07:00 |
| لازیۆ - فیۆرەنتینا | 09:45 |
| پالێرمۆ - ڤێرۆنا | 09:45 |
| ساسۆلۆ - ئینتەرمیلان | 09:45 |
| ئۆدینێزی - کارپی | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 88 |
| 2 - ناپۆلی | 79 |
| 3 - رۆما | 77 |
| 4 - ئینتەرمیلان | 67 |
| 5 - فیۆرەنتینا | 61 |
| 6 - ساسۆلۆ | 58 |
| 7 - میلان | 57 |
| 8 - لازیۆ | 54 |
| 9 - کیێڤۆ | 49 |
| 10 - جەنەوا | 46 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 33 |
| 2 - باکا | میلان | 17 |
| 3 - دیبالا | یوڤانتۆس | 16 |
| 4 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 16 |
| 5 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 14 |

خولی ئیسپانیا
06:00
شەممە 14/5/2016
دیپۆرتیڤۆ - ریال مەدرید

خولی ئیسپانیا
08:30
شەممە 14/5/2016
ئەتلەتیکۆ مەدرید - سێلتاڤیگۆ

خولی ئیتاڵیا
09:45
شەممە 14/5/2016
میلان - رۆما

خولی ئینگلتەرا
05:00
یەکشەممە 15/5/2016
چێلسی - لیستەر سیتی

KOREK



## سەری سوڕما

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەردەکەوێ، کە تێیدا چاوی بە خانمێک دەکەوێ هاتووە لە کۆمپانیایەکەی کاریکات، کە تایبەتە بە ڤیتامینەکان. ئیبرا لە خانمەکە دەپرسێت: باشترین یاریزان لای تۆ کێیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت «لیۆنێل مێسی». ئەوە زڵاتان تووشی سەرسوڕمان دەکات، چونکە پێشبینی دەکرد ناوی ئەو بڵێت، لەبەرئەوەی ئەو بەڕێوەبەرەو بەقسەی ئەو دادەمەزرێت. بەڵام خانمەکە ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی «نامەوێ دووڕوو بم». پاشان لەبارەی بۆچوونی لەسەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ پرسیاری لێکرد. خانمەکە گوتی «ڕۆناڵدۆم خۆش ناوێ، چونکە ئەکتەرە، تەنیا جەستەو ڕووخساری خۆی خۆشدەوێ».

ژمارە (399) سێشەممە 2016/5/10



ڕێبوار محەممەد

# ئەخلاق لە وەرزشدا جێگەی دەبێتەوە؟

کە باس لە ئەخلاق دەکەم، مەبەستم ئەو تێڕوانینە کوردەوارییە نییە کە زۆرینەمان بەبێ لێتێگەیشتن ڕۆژانە چەندینجار دووبارەی دەکەینەوە و لە هەندێک شتدا قەتیسمان کردووە کە هەموویان هەڵقوڵاوی دیرێکی نێرسالارانەیە بۆ ژیان.

کە باس لە ئەخلاق دەکەم، مەبەستم بەها مرۆییەکانی مرۆڤە، پابەندییەکانی بۆ مرۆڤی بەرامبەر، بۆ ژیان، بۆ گەردوون و کاری ڕۆژانە و پەیوەستبوون بە ڕێزگرتنی هەموو ئەو شتانەی لە بووندا هەن.

لێرەوە ئەخلاق چ پەیوەندییەکی بە وەرزشەوە هەیە؟ ئەو پرسیارە ڕەوایە ئەگەر زانیمان وەرزش مەیدانێکی پڕ لە ململانێ و ڕکابەری و بزنسە، لە بنەمادا خۆی بووە بە بزنس، ئەوانەی وەرزش دەکەن، لە هەر پلە و پایە و شوێنێکدا بن، تەنانەت یاریزان و ئەستێرە هەرە دیارەکانی دونیاش بزنس دەکەن، بزنسیش مەیدانێکی ڕەوایە بۆ ململانێ و دەرکەوتنی هەڵوێستە ئەخلاقییەکان.

بۆچی وەرزش بزنسە؟ لەبەرئەوەی مەیدانی بەدەستهێنانی پارەیە، ئەوەش لە ڕێگەی پێشاندانی باشترین ئاست و خۆدەرخستن و درەوشانەوە، هەر بزنسیشە بووەتە هۆکاری سەرەکی لە پێشکەوتنی وەرزش، ئەوەی بۆ ئارەزوو یاریدەکات، ئەگەر وەرزش ببێتە پێکهێنەری سەرەکی لە ژیانی و بەهۆیەوە نانی دەستبکەوێت، وەک ئەوەی لە دنیادا هەیە، بەردەوام دەبێت و سەردەکەوێت، ئەوەشی وەرزش ژیانی بۆ دابین نەکات، وەک ئەوەی لەلای خۆمان هەیە، بێگومان ئەستێرەی بەختی زوو دەکوژێتەوە.

ئەخلاق و وەرزش پەیوەندییەکی ژێر بە ژێری قوڵیان هەیە، ئێستا گەرمترین ڕووداو کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەخلاق و وەرزشدا دروستدەکاتەوە، دوورخستنەوەی کەریم بێنزیمای هێرشبەری فەرەنسییە لە پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی فەرەنسای بەشدار لە یۆرۆی 2016. ئەو ڕووداو زۆر مشتومڕی لەسەر دروستبوو، هەندێک دژی وەستانەوە و زۆرینەش پشگیرییان کرد.

لەو نێوەدا قسەیەکی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا مایەی هەڵوێست بوو کە گوتی ئەو یاریزانانەی نوێنەرایەتی هەڵبژاردەکەمان دەکەن لە یۆرۆدا، چەندە دەبێ ئاستیان بەرز بێت، دەبێ ئەوەندەش لە ڕووی ئەخلاقییەوە شیاوبن، لەوێ ئەخلاق خۆڕووتکردنەوە و دەرکەوتن لەگەڵ کچاندا نییە، فەرەنسییەکان ناتوانن بێنزیما گەرچی یەکێک بێت لە باشترینەکانی وڵاتەکەشیان، بکەنە نوێنەری خۆیان، لە کاتێکدا پەنای بۆ کاری نائەخلاقی بردووە و ویستویەتی لە ڕێگەی ڤیدیۆیەکەوە پارە لە ماتیۆ ڤالبوێنا وەربگرێت.

پەیوەندی نێوان ئەخلاق و وەرزش هەر لەوەندەدا چڕ نابێتەوە، ئاخر وەرزشوانەکان کە بوونە پیشەگەر، ئیدی لەوە تێدەگەن کە ئەوان بەرپرسیاریەتییان بەرامبەر خۆیان، یانە، ڕاهێنەر و هاندەرەکانیان چەندە، بۆیە بەبێ هیچ ترسێک و لە کاتێکدا ئەوان دەستەبەری مووچەی چوار ساڵ زیاتر یان کەمتری خۆیان کردووە، هێشتا ناتوانن کەمتەرخەم بن بەرامبەر ئەرکەکانیان (ئەوە ئەخلاقە وا دەکات).

کەم نین ئەو وەرزشوانانەی لە وێستگەیەک لە وێستگەکانی ژیانیاندا پەنایان بۆ مادەی هۆشبەر بردووە و دەستکەوتیان هەبووە، دواتر وێڕای ئەوەی دڵنیابوون لەوەی دەبنە بنێشتە خۆشەی سەر زاری میدیاکان و دەستکەوتەکانیان لێدەسەنرێتەوە، هاتوون دانیان بە ڕاستییەکاندا ناوە (ئەوە ئەخلاقە وا دەکات).

وەرزشوانەکان، زۆرترین پارە، ناوبانگ، ڕەفاهیەت و هەموو شتێکی دونیایان لەبەردەستدایە، بەڵام خۆیان لە هەزاران شت دەپارێزن و نایانەوێ شتێک پێشان بدەن لەسەریان بکەوێت، ئەوەی وا دەکات تەنیا ئەخلاقە.

"بە هەڵەیەک 4 ملیۆن دیناری بردەوە"

# مام ساڵحیش بەرەکەتی لیستەری بەرکەوت

**ڕوودلوی وەرزشی ـ ئەلجەریدە**



پیاوێکی تونسی بە سوود وەرگرتن لە چاوکزی خۆی، کە بەهۆی باش نەبینینەوە ناوی مانچستەر سیتی لێ دەبێتە لیستەر سیتی، 4 ملیۆن دیناری تونسی دەباتەوە.

ئەگەر لە کاتی کردنەوەی دەرگای گرەوکردن، کەسێک لە سەرەتای وەرز گرەوی لەسەر ئەوە کردبا، لیستەر سیتی نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بەدەستدێنێت، هەمووان دەمانگووت «ئەو کەسێکی شێتە». هەرچی مام ساڵحە بێئەوەی کەس پێیبڵێت «شێت بووە»، ئەو گرەوەی کرد و 4 ملیۆن دیناری تونسی بردەوە، بەڵام بێگومان ئەو دەستکەوتەی بەهۆی ژیری و ئازایەتی خۆی نەبوو، بەڵکو چاوکزبوونی وایکرد ئەو پارە زۆرە بباتەوە.

مام ساڵح، پیاوێکی هەژاری تونسییە، کە کابینەیەکی فرۆشتنی جگەرەی هەیە لە کەرتی باشووری تونسی پایتەخت، ئەو چووە نێو یاری گرەوگردنی بەناوبانگ «پلانات وین» و دەیوست مانچستەر سیتی هەڵبژێرێت. بەڵام لەبەرئەوەی چاوەکانی کزبووە، بەهەڵە لیستەر سیتی هەڵبژارد، بەمەش خەڵاتێکی گەورەی بردەوە، دوای ئەو پەرجووەی لیستەر سیتی لە خولی نایابی ئینگلیزی ئەم وەرزە بەدەستیهێنا.

ڕۆژنامەی ئەلجەریدەی تونسی ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە، کە زۆر لە چیرۆکی نێو فیلمەکان دەچێت، کاتێک پاڵەوانەکە بە ڕێککەوت بەریکانێ دەباتەوە.

پێشبڕکێ



بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

بیلال میرزا لە هەڵەبجە

بە لێدوانی:

( ئەمە تۆپی ئەبتاڵە، سیمیۆنی پاڵەوانە )

## LOTTO 1

## چل و نۆ یەمین پێشبڕکێ

ژمارە (398) سێشەممە 2016/5/3

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک. واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە. بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..................................

مۆبایل : ..................................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە






هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

RÛDAW

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی

دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد